## به بۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی مامۆستا هەژار موکریانی



عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە **هەژار** ڕۆژی ١٣ی ئاوریلی ١٩٢١ لەشاری مەهاباد لە دایك بووە و ڕۆژی٢١ی فێبریوەری ساڵی ١٩٩١ لە شاری کەرەج لە نیزیک تاران کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا هەژار وەك نووسەر، شاعیر، مێژوو نووس و وەرگێڕی کورد ناسراوە و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی ئەدەبیی بەزمانی کوردییە.

عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی کوڕی حاجی مەلا محەممەدی شەرەفکەندی بە لاویەتی لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە گوندی تەرەغە، کە لە ڕۆژئاوای شاری بۆکان هەڵکەوتووە. لە ساڵانی سەرەتایی ژیانیدا لە لای باوکی و دواتر لە حوجرە و لە بەر دەست چەند کەس لە مامۆستا ئایینیەکان، دەرسی گوڵستان و بۆستانی سەعدی خوێندوە. بەڵام بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی خۆی لە کتێبی چێشتی مجێوردا، دەستکەوتێکی زۆر کەمی لەو خویندنانە وەرگرتووە.

باوکی هەژار کەسایەتیەکی خوێندەوار بووە و توانیویە بە کوردی بخوێنێت و بنووسێت کە بۆ ئەو سەردەمە شتێکی زۆر نایاب بووە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەژار هەر لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە ئاشنا بە خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی بێت و دواتریش بچێتە مەکتەب و حوجرە. لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی بە هۆنینەوەی هۆنراوە کردووە و بە تایبەت شێعر و پەخشان

و هۆنراوەکانی ئەحمەدی خانی، وەفایی و مەلای جزیری کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بزووتنەوەی هەستی ئەدەبی هەژار بووە.

هەژار هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکافەوە، تێیدا ئەندام بووە و چالاکی سیاسی نواندوە. ناوبراو بڕوای بە ئامانجەکانی ژ. ک. بووە چونکە دوای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، هیچ کات لە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا بە فەرمی ئەندام نەبووە. هەژار لە کۆماری کوردستاندا دەوری هەبووە و لەگەڵ هێمن لە لایەن کۆمارەوە بە شاعیری نەتەوەیی ناودێر کراون. دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مارسی١٩٤٧دا، ناچار بە جێهێشتنی وڵاتەکەی دەبێت و ماوەی ٣٠ ساڵ لە باشووری کوردستان و دواییش لە شاری بەغدا درێژە بە ژیانی دەدا.

لە پاییزی ساڵی١٩٤٧بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیی سیل دەچێتە لوبنان و دوای چاکبوونەوەی دەگەڕێتەوە عێراق، پاشان جارێکی تر لە حکومەتی ئەو سەردەمی عێراق قاچاخ دەبێتەوە و بەرەو سوریا ڕادەکات و ماوەیەک لە سووریا دەمێنێتەوە. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦١، هەژار دەچێتە پاڵ شۆڕشەکە. کاتێک ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە نێوانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق ڕێککەوتننامە مۆرکرا، نێررایە بەغدا بۆ ڕێکخستنی کاروباری یەکێتی نووسەرانی کورد کە لە ١٠ی فێبریوەری١٩٧٠دامەزرابوو. لە کۆنگرەکەدا بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوبەران هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتیشدا کرا بە ئەندام لە کۆڕی زانیاری کورد و توانی لە ساڵی ١٩٧٢دا پەرتووکی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی لە فارسییەوە بکاتە کوردی و لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چاپی بکات.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥دا لە گەڵ بارزانییەکان روو لە ئێران دەکا و لە شاری کەرەج نیشتەجێی دەبێت. لە ساڵانی ١٩٨٣/١٩٨٤ دا یەکێک لە دامەزرێنەرانی دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینی ئەییوبی و لە گەڵ مامۆستا هێمن لە بەرێوەبەرانی گۆڤاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی "سروە" بووە و لەو رێگایەوە خزمەتێکی زۆری بە گەشەکردن و پەرەسەندنی کەلتوور و زمانی کوردی بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. هەژار لە ژیانیدا

گەلێ تاڵیی و ئاوارەیی چێشتووە. دوای کۆچی دوایی کردنی لە ڕۆژی ۲۱ی فێبریوەری ساڵی ۱۹۹۱ دا، تەرمەکەی بەرەو موکریان هاتۆتەوە و لە مەزاری شاعیران لە گۆڕستانی 'باغی فیردەوس' ی شاری مەهاباد بە خاک ئەسپێردراوە.

مامۆستا هەژار ڕۆڵێکی مەزنی لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیات و زمانی کوردی دا گێڕاوە وکۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخی لە پاش بەجێ ماون، وەك:

- چێشتی مجێور، بەسەرهاتی ژیان و یادداشتەکانی خۆیەتی
- ئاڵە کۆک، دیوانی شێعری سەردەمی کۆمارە
- بەیتی سەرە مەڕ، ساڵی ۱۹۵۷ لە سووریا چاپیکردووە ، چیرۆکەشێعرێکی درێژە؛ یارمەتی لە چیرۆکێکی کورتی سەباحەدین عەلی، نووسەری تورک وەرگرتووە
- مەم و زین، هەر بە هۆنراوە لە زاراوەی کرمانجیەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زاراوەی سۆرانی
- بۆ کوردستان، دیوانی هەژار، ۱۹٦٥
- شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، لە فارسییەوە وەرگێراوەتە سەر کوردی
- چوارینەکانی خەیام. لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- مێژووی ئەردەڵان، گردوکۆ و وەرگێڕانە لە چەند سەرچاوەی فارسییەوە بۆ کوردی
- یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە،ناملیکەیەکی عەلی شەریعەتییە، لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی
- دایە، باوە، کێ خراوە؟، نامیلکەیەکی عەلی شەریعەتییە کردوویەتە کوردی
- شەرحی دیوانی مەلای جزیری
- وەرگێڕاوی قورئان بە کوردی
- هۆزی لە بیرکراوی گاوان، نووسینی دوکتۆر مستەفا جەواد، لە عەرەبییەوە کردوویەتیە کوردی

- فەرهەنگی وشەی هەنبانە بۆرینە  کوردی بە کوردی و فارسی، تاران، ١٩٩٠
- دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری (مەلای جزیری)؛ دەق و مانا لێکدانەوە.
- لە کۆتایی ژیانیشی کە بە سەر نووسیندا تێپەڕ بووە، کتێبی "قانون در طب" ی ئەبوعەلی سینای لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر فارسی، کە تا ئەودەم کەس نەیتوانیبوو وەریبگێڕێتە سەر فارسی. خۆی دەڵێ کتێبەکە گەلێك وشەی کوردی  تێدا هاتووە و ئەگەر من کورد نەبایەم نەمدەتوانی ئەو کتێبە وەرگێرمە سەر زمانی فارسی.

ڕێداکسیۆن و بەرپرسانی ماڵپەڕی رۆژهەڵات-بۆکان